# کۆڕی بەڕێز/ جەمال عەبدوڵلا: ووتە بێژی ڕەسمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

# بابەت/ پەیوەندیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا

2007/7/24

زۆر سوپاسی ئامادەبوانی بەڕێز دەکەم بەتایبەتی من هەندێ و شکل دەبینم بەگشتی وەکو ڕۆشنبیرو ئاگادارن لەوەزعەکە تەقدیرم هەیە بۆ ئەوەی کە کەسانێك وەك کاك مومتاز حەیدەری و د. شێرزاد نەجارو کاك قادر جەباری و ئەوانە دانیشتوون لێرە تەقدیری ئەو حاڵەتە ئەکەم زۆر زۆر چونکە بەڕاستی من دەبوایە من دابنیشتمایە ئەوان قسەیان کردبایە من دابنیشتمایە گوێم گرتبایە ئەوان لەسەر ئەم مەوزوعانەن مەوزوعی تری سەقافی سیاسیش قسەیان کردایە وە ئیجازەی ئێوە من ڕێگە بەخۆم ئەدەم بە ئیجازەی ئێوە کە خەڵکی وەك جەنابتان دانیشتوون من قسە بکەم. ئەو باسەی کە ئێستا ئیختیار کراوە بەڕاستی باسی زۆر حەساسە پەیوەندیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان وە بەغدا کە دەڵێین هەرێمی کوردستان مەبەستمان لەهەموو موئەسەساتی دەستووریە بەسەرۆکایەتی هەرێمەوە بەپەرلەمانەوە بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە من تەعبیری لێ دەکەم پەیوەندییەکی دۆستانەی حەزەرانەی بەحەزەرە ئێمە دەتوانین وا تەعبیری لێ بکەین پەیوەندیمان لەبەغدا پەیوەندییەکی دۆستانەیە، بەڵام موتمەئین نین لەناو ئەو پەیوەندییەی ئێمە و بەغدا ئیتمئنانێك هێشتا دروست نەبووە ئەویش ئەسبابی هەیە دوایی ڕوونی دەکەمەوە. پەیوەندی نێوان ئێمەو بەغدا وەك دەوڵەتە تا 2003/4/9 پەیوەندییەکی دوژبن کارانە بووە بەو مانایەی کە عیلاقەی نێوان ئێمە و بەغدا ئەوە بووە یا ئێمە بەغدا نەهێڵین یا بەغدا ئێمە نەهێڵێ. وە لەشەڕو بابڵێین خەباتی خۆمانە گرد لەگەڵ بەغدا هەتا ئەو لەحزەیەی کە دیکتاتۆری تیا ڕووخا. کە دژلای لە دەوڵەتێکی نوێ ی عیراقدا بکەی وتومانە ئەگەر بێت و ئەم دەوڵەتە ئێمە بتوانین لەچوارچێوەیا خواستەکانمان مافەکانمان تیا بەدی بێ ئەوا ئامادەی ئەوەبن کە سەر لەنوێ عیلاقەیەکی نوێ لەگەڵ ئەو دەوڵەتەدا دروست بکەیین ئەویش بەبەشداریمان لەناو دەوڵەتی عیراقی نوێ دا من وا تەعبیری لێ ئەکەم وەکو عیلاقەی زەواجێك ئێمە چۆن ئەڵێین ئەگەر لەزەواجێکا بن لەگەڵ دەوڵەتی عیراقدا ئەگەر بتوانین عەقدێکی ئیجتیماعی لەنێوان خۆمان و دەوڵەتی عیراقی نوێیا لەناو ئەوعەقدەیا حقوقی خۆمان ئیلتیزاماتی هەر دوولا پارێزراو بێت بتوانین بگەینە هیچ نەبێ لانەی کەی مافەکانمان لەو قۆناغەی ئێستادا ئەوە ئامادەیی ئەوەین کە زەواجێکی شەرعی لەگەڵ بەغدا بکەین خۆ ئەگەر بێت و بە پێچەوانەوە بێ ئەوان ئێمە ناتوانین لەناو ئەو عیلاقەیا بین لەناو ئەو پەیوەندیا ئەبین لەناو ئەو عەقدەیا ئەبین کە پێ ی دەڵێین عەقدێکی ئیجتیماعی ئێمە بەڕاستی بۆ ئەوەی کە بێمە سەر ڕێك لەدوایی 2003 وە کە وتم لەدوژمنایەتی نێوان ئێمە بەغدا بەغدای دیکتاتۆریالەنەتیجەی خەبات لەنەتیجەی ئەو پرۆسەی کە لە 2003/4/9 پرۆسەی ئازادی عیراقی پێ دەڵێین لەو ئەنجامەدا کە ژنەکەی ئێمە کەوت واتا لەنەتیجەی ئەو ململانێیە لەنەتیجەی ئەو سراعەتە یەکێکە لەنێوان دەوڵەتی عیراقا بووە نەك لەسەردەمی ڕژێمی سەدام حوسێنی تیا چوو بەڵکو لە پێشتریشا ململانێیەکی بەردەوام هەبووە لەنێوان حەلقەی تەحەروری کوردی لەگەڵ دەوڵەتی عیراقا وە ئێمە لەبەر ئەوەی بەشێك نەبووین لە دەوڵەتی عیراق دەوڵەتی عیراقمان بەدەوڵەتی خۆمان نەزانیوە وە دەوڵەتێکی دوژمن بەخۆمان زانیوە ئێستا چوینەتە ناو پرۆسەیەکی تازە چوینەتە ناو عەمەلیەکی تازە لەگەڵ بەغدایا چوینەتە ناو زەواجێك بەڵام زەواجێکی بەحەزەر هێشتا موتمەئین نین لە هاوسەرەکەمان

نازانین ئەم هاوسەرییەی ئێمە هەتا کویّ دەڕوا وە چەنە کە غەدرمان لیّ دەکا وە چەنە حقوقمان تەتمین دەکا چەنە گروپمان دەپارێزرێت تیایا وە ئێمە هەر لەحزەیەك وەکو مافی جیابوونەوە کە پیّ ی ئەوترێت دەمێکە نەزەریەتی "حق الگلاق" هەر لەحزەیەك ئێمە کاك مومتاز حەیدەری دەزانیّ جزوری ئەم نەزەرییەی بریکاندەو باشتر ئاگادارە ئێمە هەر لەحزەیەك مافی ئەوەمان هەیە کە مافی جیابوونەوەی خۆمان حەقی تەلاقی خۆمان هەیە بەکاری بهێنین لەو کاتەی کە ئیتر تەحەمول ناکەین لەگەڵ هاوسەرەکەمانا چیتر ئەو زەواجە قەسرییە یان ئەو پێشێل کردنی مافانە قبووڵ کریّ هەتا ئەوکاتەی کە قبووڵمانە هەتا ئەوکاتەی ئیحتیرامی مافمان ئەگریّ ئەو زەواجە دەبینین بەپێچەوانەشەوە دەتوانین بیر لەبڕیاری تر بکەینەوە، ئێمە لەبغدا ئێستا پەیوەندیەکانمان لە ڕووی ناوخۆ موقەیەدە بەدەستوور دەستووری عیراق ئەو پەیوەندییانەی ڕێکخستووە ئێمە دەستووری عیراق بەقانوونی ئەساسی دەزانین لە ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان ئێمەو بەغدایا وە مشارەکەمان هەیە لەبەغدا ئەندام پەرلەمانمان هەیە ڕەئیسی جمهورمان هەیە کۆمەڵە وەزیرمان هەیە کۆمەڵیّ ئاست و پلەو پایەی پۆستی پوختەمان هەیە کەواتە ئێمە بەغدای ئێستا دەتوانین بڵێین لەبەغدای ئێستەیا دوژمنیشی تیایە و دۆستیشی تیایە و خۆشمانی تیاین نابیّ ئێستا بڵێین لەگەڵ بەغدایا دوژمنایەتیمان هەیە خۆ ئەگەر دوژمنایەتیمان هەبیّ کەواتە بە موتلەقی قسەبن دەبیّ دوژمنایەتیمان لەگەڵ ڕەئیسی جمهورو لەگەڵ کۆمەڵیّ ئەندام پەرلەمان و لەگەڵ کۆمەڵیّ وەزیرا هەبیّ کە ئەوەش قەت مومکین نیە چونکە هەموویان لەوەری ئێمەن وەکو عیراقیەك ئیش دەکەن لەساڵحی هەم خەڵکی عیراق و هەم خەڵکی کوردستانیش بووە جەبهەی ئەمامی بووە پاراستنی موحافزینی مافەکانی ئێمە، بەڵام ئەوەی کە گرینگە دەبیّ ئاماژەی پیّ بدەم هەندیّ حەقایقی عەمەلی چونکە ئیتر لەنەزەرییات دەربچین ئەوەیە کە ئێستا کە ئێمە لەبەغدا کۆمەڵێك تەوەجوهاتی سیاسی هەیە کۆمەڵێك گروپ هەیە کۆمەڵێك ئەفکار هەیە کە بەڕاستی نایانەویّ موقەیەد بن بە دەستوورو بەداخەوە هەر چەندە ئێمە تەرەف نەبوون لەململانیّ و ناکۆکی نێوان عەرەبی سوننە بە عەرەبی شیعە بەڵام بەداخەوە لەوانەیە ئیتیجاهی ڕووداوەکان بەشێوەیەك بڕوا ناڵێم دەبینە تەرەف بەڵام هیچ نەبیّبتوانین تەحریس بکەین نەك لەبەر ئەوەی ئەوا عەرەبی شیعەیە یا عەرەبی سوننەیە بەڵکو لەبەر نەوعی هەر یەك لە عەرەبی شیعە لەعەرەبی سوننە بەشێوەیەکی گشتی خاوەنی تەوەجوهات و سیاسی خۆیان خاوەنی بەرنامەی خۆیانن و خاوەنی ئەفکاری سیاسی خۆیانن نزیکترین نموونە تەبیعی موئتەمەرەکەی قاهیرە بوو لەو موئتەمەرەی قاهیرەیا بەڕاستی ئەوەندەی کە عەرەبی سوننەی تیا بوو ئەوەندەی کە کۆنە بەعس ئەوانەی کە لەگەڵ سەدام و ئیتیجاهی سەدامیا هەبوون ئەوەندە خەڵکی تری تێدا نەبوو وە بەنامەی ئەوانیش وا حەزح و ئینقلابێك بوو لەسەرجەم وەزعە سیاسیەکەی ئێستا لەبەغدا هەیەو ئێمەش بەشێکین لیّ ی ئەو برادەرانەی کە بەناوی عەرەبی سوننەوە هەڵبەتە ناڵێم بە موتلەقی هەویە یان بەڵام بەشی هەرە زۆریان بەداخەوە هەتا ئێستا هیچ بڕوایەکیان بەو دەستوورە نیە کە ئینقیلاب کراوە کە دەنگی پێدراوە ئیستیفتای لەسەر کراوە لەلایەن حدوی 12 ملیۆن عیراقیەوە دەنگی پێدراوەو لە پرۆسەیەکی دیموکراتا دەرچووە وە ئیرادەی خەڵکی لەپشتەوەیە ئەوان هەتا ئێستا ئەیانەویّ ئەو دەستوورە سەرەو ژێر بکەنەوە وە یەکێك لە موشکیلە هەرە ئەساسیەکانی ئێمە عەقلیەتی ئەوانە واتا عەقلیەتی ئەوان بۆ دەوڵەت بۆ مەفهوومی دەوڵەت عەقڵیەتی بەشێکی زۆر لەعەرەبی سوننە ئەوەیە کە ئەوان بە ئیجازەی کاك د. شێرزاد ئەوان لەناو مەفهوومە دەستووریەکەیا دەوڵەت وا سەیر دەکەن کە وەکو مومتەلەکاتی شەخسی خۆیان کۆنە بەعسیەکان و بەشێکی زۆری عەرەبی سوننە لەنەتیجەی پەروەردەیان وا پەروەردە کراون کە دەوڵەت وەکو موئەسەسەیەك سەیر ناکەن بەڵکو وەکو مومتەلەکاتی شەخسی وەکو چۆن قەڵەمێکت هەیە سەیارەیەکت هەیە کتێبێکی شەخسی خۆتت هەیە دەوڵەتی عیراق وەکو مومتەلەکاتی شەخسی خۆیان سەیر ئەکەن وە پێیان وایە ئەو موڵکەی خۆیان کە دەوڵەتی خۆیان وا تەملیك کراوە لەسەریان لەساڵی دوایی 18 و حەربی عالەمی یەکەمەوە تاپۆکەی یان بابڵێین سەنەوی دەوڵەت لەسەر ئەوانەوە تەملیك کراوە وە ئەوان سورەت قەیدیان هەیە لە نیوەی چوارو

2003 ئەوان خەڵکی تر هاتووە لەعێراقاوە یارمەتی ئەمریکا و ریزە هاوپەیمانەکان ئەو دەوڵەتەیان لێ غەسل کردوون ئەو مومتەلەکەتەشەخسیان لێ سەندوون ئێمە ملاحەزە بکەن هەتا ئێستا ئەوان ڕا نەهاتوون لەسەر مەبدەئی مەفهوومی شەراکەت لەگەڵ ئێمە لەگەڵ پێك هاتەکانی تری خەڵکی عیراقا سەیری ئەو محاوەلاتانەی تەعدیلی دەستوور بکەن هەموو ئەو محاولاتانە بۆ ئەوەیە کە هەموو ئەو ماددانە لەبنەوە هەڵدەکێنن ونەیهێڵن و ئیلغای کەنەوە کە بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندی بە دیموکراسی وە هەیە وە بەتایبەتیش پەیوەندی بەمافەکانی کوردو خەڵکی کوردستانەوە هەیە سەیر بکەن چ زەختێك هەیە بۆ ئەوەی کە ماددەی 140 دەستوور هەتا ئێستا دوا بخرێ یان جێ بەجێ نەکرێ سەیری ئەوە بکەن کە بزانن چ زەختێك هەیە وە چۆن داوای ئەوە ئەکەن کە فیدرالیەت مەحو بکەینەوە لەدەستوورا یان جەوهەرەکەی پوچەڵ بکەنەوە سەیری ئەوە بکەن کە تەوزیحی سەروەت و سامانی ئەم وڵاتە سەیری ئەو محاولاتە بکەن کە بۆ قانوونی نەوت و گازی سروشتی کراوە کە تا ئێستا دەربازی نەبوو لە پەرلەمانی عیراق سەیری ئەوە بکەن کە چۆن دەوڵەتی عیراق وە هەتا ئەنجومەنی وەزیرانەکەی بە دزی حوکمەتی هەرێمی کوردستانەوە دەچێ پرۆژەی یاسایی نەوت و گازەکە کە ئێمە ئیتیفاقمان لەسەری کردبوو چۆن ئەیداتا مەجلیسێك مەجلیسی شوڕای دەوڵەتی پێ ئەوتێ "مجلس شوا دوله" چۆن ئەو تەعدیلاتانە ئەکا بەشێوەی کە سەراحیاتی ئیقلیمی کوردستان سەراحیاتی هەرێمی کوردستان کەم بکاتەوە کەواتە ئەوان بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ دیموکراسیدا نین کە دەڵێك ئەوان مەبەستم بەشێکی زۆری عەرەبە سوننەکانە بەشێکی زۆری گروپەکانی قەوىم شۆڤێنی عەرەبیە وە کۆنە بەعسیەکانیشەوە بەعسیە سەدامیەکانیشەوە ئەوانە بەڕاستی لەڕووی ئیقلیمی وە لەڕووی نێو دەوڵەتی ئێستا هەموو محاولەیەکی خۆیان ئەکەن بۆ ئەوەی کە عیراق بگێڕنەوە ئەوزەمەنەی خۆیان حوکمڕان بوون وە عیلاقەکە بگێڕنەوە بۆ ئەو عیلاقەکەی کە ئێمە لەپێش 2003/4/9 ەوە لەگەڵ دەوڵەتی عیراقا هەمان بووە. مولەخەسی ئەم چەند جوملەیەی کە گوتم ئەوەیە ئەگەر بێ و ئەو ئیتیجاهە لەبیرکردنەوەیا ئەو عەقڵیەتە لەبیرکردنەوە بۆ چۆنیەتی تێڕوانینی لە دەوڵەت و لە موئەسەسات لەعێراقی نوێیا زاڵ بێ سەرکەوێ ئەوا عیلاقەی ئێمە لەگەڵ بەغدا دەبلێتەوە عیلاقەیەکی دوژمنکارانە وە وا پاڵمان پێوە دەنێن کە فەسخی ئەو زەواجە بکەین کە دووسێ ساڵە لە گەڵ بەغدا هەمانە وەبیر لەڕێگا چارەیەکی تر بکەینەوە ئەو زەواجە بەزەواجێکی نەمەشروع و بەزەواجێکی پەسی لەقەڵەم ئەدەین وە ئێمە بەهەموو شەکێکەوە ڕازی نین لەو زەواج و لەو هاوسەرگیریەیا ئەو کاتە ئەبێ بیر لەتەریقەیەکی تر بکەینەوە بزانین یان بۆخۆمان بەسە لێ ی بژین یان ئەوەیە بیر لە زەواجێکی تر لەگەڵ یەکێکی تر لەگەڵ هاوسەرێکی تر بکەینەوە ئەوەش بەجێ ئەمێنێ بۆ خەڵکی کوردستان وە ئەوە بڕیارێکی مەسیریە بڕیارێکی چارەنووس سازە هەموو موئەسەساتی دەستووری ئێرە قسەی خۆی تیا ئەبێ پەرلەمانی کوردستان قسەی خۆی تیا ئەکا سەرۆکایەتی هەرێم قسەی خۆی تیا ئەکا حوکمەتی هەرێمی کوردستان قسەی خۆی تیا ئەکا لەوانەیە بگەڕێینەوە بۆ ڕاپرسی و وەئیستفتالەناو خەڵکی کوردستان و وەبەتەنیاش هیچ دەزگایەك هیچ بەشێك لەخەڵك ناتوانێ قەرارەکی لەو جۆرە بدا ئێمە ئومێدەوارین کە عیلاقەی ئێمە لەگەڵ بەغدا بە ئیتیجاهی ئەوە بێ کە ئەو جۆرە عەقلیەتە ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە هەرەس بهێنێ سەر نەگرێ وە خۆشبەختانەش ئێمە لەو تەحالف و لەهاوپەیمانیەکانیشهەم لەناو خۆمانا وەك یەکێتی نیشتمانی کوردستان پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو هاوپەیمانی کوردستان وە هەم خۆمان لەگەڵ بەشێکی زۆر لەبرایانی ناو ئیئتیلافی عیراقی موەحد شیعەکان بەتایبەتی حزبی دەعواو مەجلیسی ئەعلا وە هەندێك لەناو حزبی فەزیلە وە هێزە هاوپەیمانەکان هەتا ئێستا دەستیان لە دۆستایەتی ئێمە هەڵنەگرتووە وە ئەوەی کە بەڕوو دەیڵێن ئەوەیە کە ئەوان دژایەتی دەستوور ناکەن هەتا ئێستا میزانی قووە تەرازووی هێزەکان ناتوانن بڵێن بە موتڵەقی لە ساڵحی ئێمەیە بەڵام بە موتڵەقیش لەساڵحی ئەوان نیە ئێمە یارییەك بێ لە گەمەیەك داین گەمەی ئینتیقالی ئەم قۆناغەی لەعێراقا ئەگەر میزانی قوە بەلای ئەوانا بێ کە هەوڵ دەدەن ئەوا تأسیرات لەسەر تەعدیلی دەستوور دائەنێ وەتأسیرات لەسەر گۆڕانی تەرکیبەی دەوڵەتی

عیراق و بەرنامەی نەفسی سیاسی دا ئەنێ ئەوكاتە ئێمە بەرەو عیلاقەكەمان بەرەو عیلاقەكی دوژمنكارانە دەڕوا لەگەڵ بەغدایا وەئیتر لەوانەیە پرسیارێ بێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیەی ئێمە ئیتر لەبەغدا چی بكەین ئەم پرسیارە پرسیارێكی جدییە ئێمە ئەگەر بەو شێوەیە دەستوور تەعدیل كەن من ئێستا دەمەوێ ئەوەتان پێ بڵێم كە ڕەنگە تا ئێستا تەسریف نەكرابێ نەوترابێ ئەویش ئەوەیە كەزەختەكی زۆرمان لەسەرە بۆ ئەوەی كە ماددەی 140 تأجیل بكەین وە ئەگەر پێیان بكرا نەیهێڵین و تەتبیقی نەكەین ئەو ئیتیجاهە بەڕاستی ئیتیجاهەكی زۆر خەتەرە وە پەیامێك هەیە كە تأجیلی ئەو ماددەیە ئێمە دەڵێین ئەگەر ئەسبابی فەنی باتێبگەین بەڵام پێ دەچێ ئەسبابی سیاسی بێ وە ئەو ئیتیجاهە ڕاگەنراوە بەسەركردایەتی سیاسی خەڵكی كوردستان وە لەدوایین هاتنی ڕابین كلوكەر سەفیری ئەمریكا لەعیراق هاتبوو بۆ ئێرە بەسەراحەت قسەی نەكردووە بەلام هەندێ تەلمیحاتی داوە كە ئەڵێ ئێمە لەگەڵ تەبیقی ماددەی 140 بەڵام تەلمیحات ئەدا كە مرونەتێكمان هەبێ لەسەر مەسەلەی دواخستنی وە لەسەر مەسەلەی ئەوەی كە ئێمە سەیرمان هەبێ وە تەحەمولمان هەبێ ئێمە بەڕاستی ئەوە یەكێكە لەمەسەلەی ئەو خەتە سوورانەی كە بەهیچ شێوەیەك مساوەمەی لەسەر ناكەین وە ڕەنگە مساوەمە لەسەر قانوونی نەوت بكەین ڕەنگە مساوەمە لەسەر هەندێ مەسائلی تری ناو دەستوور بكەین بەڵام ئەوەندەی من ئاگادارىم بەهیچ شێوەیەك مساوەمە لەسەر ماددەی 140 ناكرێ ئەگەر بێت و ئەو ئیتیجاهە سەركەوێ زاڵ ببێ بۆ نەهێشتنی ماددەكە یان بۆ تأجیلی ئەسبابی سیاسی لەوانەیە ئەو مەوزوعە كەمان باسی عیلاقەی ئێمە وبەغدایە عیلاقەی ئێمەو بەغدا بكەوێتە حاڵەتێكی ئەوەی كە پێ ی ئەوترێ ئەزمە یانیش دەبێ بكەوینە مەئزەقێكەوە كە پێویستی بەئیعادەی نەزەر بێ وە عیلاقەیێ دەكا وەچەندەش ئێمە بەرەو ئەو ئیتیجاهە زاڵ بێ بەرەو ماددەی 140 نەهێڵ درێ یان تأجیل بكرێ یان لەسەر مەسەلەی فیدراڵی و وەحقوقە دیموكراتیەكانی ناو دەستووری عیراق ئەو ئیتیجاهانە زاڵ ببێ عیلاقەی ئێمە لەگەڵ بەغدا بەڕاستی دەبێتەوە عیلاقەیەكی دوژمنكارانەوە ئەبێ خۆمان بۆ حاڵەتێكی لەو جۆرەی ڕووبەڕوو بوونە ئامادە بكەین. ئینجا نازانم بەڕاستی نازانم ئو كاتە چۆن چ بڕیارێك دەدرێ وە چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەكە وە چۆنیەتی خەباتەكە چۆنیەتی فشارەكە چۆنە بەچ شكلێكە ئەوە وەكو گوتم مەسەلەیسەكی مەسیرییە پەیوەندی بەتاكە تاكی خەڵكی كوردستانەوە هەیە. بەڵام دڵنیاین لەوەی كە ئەگەر بەوشێوەیە بڕوات عیلاكەكەمان ئێستا دەتوانم بڵێم بەرەو ئیتیجاهی ناحەزانە دەچێت ئەوەندە بەرەو ئیتیجاهی دۆستانەكە ناچێ‌لەلایەن ئەو گروپانە تأكید دەكەمەوە بەڵام ئێمە هێزێكی تەحالوفمان هەیە لەناو عیراقا هەر لەدەرەوەی عیراقیشا ئێوە ملاحەزە بكەن بەڵام هێزەكانی دوژمنكارانە زیاترە ئێوە ئاگاتان لە هەرەشەكانی توركیایە پەیوەندی نە بەپەكەكەوە هەیە نە بە گوندی پەكەكەوە هەیە نە بە توركمان وبرا توركمانەكان و مافەكانیانەوە هەیە پەكەكە لە 84 ەوە ئیعلانی تەقە كردنی كردووەو لەوڵاتی خۆیا بەڵام حوكمەتی هەرێمی كوردستانلە 92 ەوە هەیە ئێ باشە بوونی پەكەكە لەو كاتەو لەوساڵەوە تا 92 ئەمەیان چیە ئەمە حوكمەتی هەرێمی كوردستان بوو ئەمە سەركردایەتی سیاسی خەڵكی كوردستان بوو وەكو لەماوەی پێشوویا چەكیان بۆ دەنێرن و بەقاچاغ و ئەوانە هەمووی بیانوون ئەوانە هەمووی ئەیانەوێ موبەرر دروست كەن بۆ ئەوەی كە دژایەتی ئەو تەجروبەیە بكەن بەڵام هیواداریین كە هەندێك ئیعتیباراتی ئیقلیمی دەولی وە مەساڵحی ناوەخۆی توركیاش چۆن ئێمە تەدەخول ناكەین لەكاروباری ناوخۆیان تەدەخولەكە نەگاتە ئەو ڕادەیەی كە ئێش و پەلامارو ئەوانە دەست پێبكا وە تەوەقوعیش ناكرێ جارێك سەیری ئێران بكەن لە هاوزەمان لەگەڵ ئەو حاڵەتەی كە دروست بووە حاڵەتی هەرەشە هەر هاوزەمان لەگەڵ ئەوەیا لەپشتەوە لەئێران لە مەنتیقەی كانی خان و سەر حدودەكە چۆن هەر ڕۆژ لەرۆژێك كەمین دێت و بۆمان دادەنیشن و وە ئێمە باش دەزانین ئەوانە مەقریشیان لە كوێ یە لەوێ وە چۆنیش تەدریب بەیەكن و كێش یارمەتیان ئەكا چۆن دەعم ئەكرێن كەی دێت وەئەوەش بۆخۆی هەر چەندە ئێران ئەڵێ ئێمە ئاگامان لێ نیە ئێمە نازانین ئەوانە لە كوێن بەڵام ئەوە دیارە حاڵەتێكە مەرج نیە ئێمە بگەیێنێتە قەناعەت وە ئێمە ئەگەر هەندێ ناوەندو دەوڵەتی ئێران بەعام دۆست بین وە دراوسێین ئەشبێ دۆست بین

بەڵام لەگەڵ هەندێ ناوەندی تر لەناو ئێرانا بەڕاستی ئەوە بەکارێکی دۆستانە نازانین سەیری تەقینەوەکەی کەرکوك بکەن ئەوانە لە خیلالی هەمووی دوو هەفتەیا هەیە بزانن ئەو تەقینەوانەی ناو کەرکوك چیە وە چۆن بەئەنجام ئەگاوە سەیری هاتنی وەفدە ئەجنەبیەکان بکەن من خۆم ئاگادارم لەنزیکەوە چی وەفدی ئەجنەبی هاتووە لەم ماوەی پێشووا هەر هەمووی ئەو پرسیارە ئەکەن ئەڵێن ئێوە ڕاتان سەبارەت بە تەتبیقی ماددەی 140 چیە لەخیلالی ئەوا دوومانگ دەبێ لە ئەمریکیەکان لە ئینگلیزیەکان تەنانەت هەندێ وەفد دێ بۆکاری تیجاری و بازرگانی سوئالی ماددەی 140 ئەکامەسەلەن دوێنێ پێرێ وەفدێکی لۆکسەمبۆرگ هاتووە لەسلێمانی بینراین وە من خۆم حوزورم هەبوو لەکۆبونەوەکە ئەمڕۆ کۆمەڵێ وەفدی تر هاتوون بۆ ئەنجومەنی وەزیران و لەپەنا پرسیارەکانیانا کۆریەکان بەهەمان شێوە هەر هەموویان دەیانوێ ڕەئی ئێمە بزانن لەسەر ماددەی 140 ئەگەر تأجیل بکرێ یان ئەگەر جێ بەجێ نەکرێ یان ئەگەر تەعدیل بکرێ بەشێوەیەکی تر من تەسەورم وایە کە ئەو هەمووپرسیارە لەسەر ماددەی 140 بۆ ئەوەیە کە ئیقتراحێك هەیە وە ئەیانەوێ ئەو ئیقتیراحە زاڵ بکەن بەوەی کە ئێمە دەست هەڵبگرین لەجێ بەجێ کردنی ئەو ماددەیە وەیان هیچ نەبێ وەك بڵێین بەتأجیل کردنی چونکە ئەوان ئەڵێن ئەگەر بێت و ئەو ماددەیا لەو کاتەیا تەتبیق کرێ ئەبێ بەهۆی دروست بوونی حەربی ئەهلی حەربی ئەهلیش بەو مەعنایەی عیلاقەی ئێمە و ئەوان کە باس لەوان دەبێتە عیلاقەیەکی دوژمنکارانەو دێتە تەصفیە کردن جوابی ئێمە ئەوەیە کە بەپێچەوانەوە جێ بەجێ نەکردنی ئەو ماددەیە دەبێتە هۆی تەوەتور وە دەبێتە هۆی ئەوەی کە حەربی ئەهلی دروست ببێ نەك جێ بەجێ کردنی ئەگەر جێ بەجێ بکرێ بەشێکی زۆر لە موشکیلەکانی نەك هەر کەرکوك و هەرێمی کوردستان بەشێکی زۆر لە موشکیلەکانی عیراق بەرەو چارەسەر بڕوا حەل ئەکرێ.